# یاسای باجی خانووبەرە (عقار)ی هەرێمی کوردستان

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ١٦**
**ڕۆژی بڕیار: ١٩٩٩/١١/٢**

**بڕیار**

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە (٣)ی ماددە (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٩/١١/١یدا یاساکاری کردووە، ئەم بڕیارەمان دەرهێنا

## یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٩
## یاسای باجی خانووبەرە (عقار)ی هەرێمی کوردستان

**ماددەی یەکەم:**

زیادە باجێکە لەسەر زیاتر لە (١٥٠٠٠)پازدە هەزار دینار لە کۆی داهاتی (عەقارەکان)ی ئەوەی لەسەربەتی (المكلف) وەردەگیرێ و دەسەپێندرێ، بەو مافەشەوە کە لە عەقارە وەقف کراوەکانیشەوە هەیەتی، دوای لێ دەرکردنی بڕە باجی بنچینەیی وبێ قەیدی یاسایی«السماح القانوني» بەپێی ئەم ڕێژانەی خوارەوە:ـ

(٥٪)تاکو دەکاتە(٥٠٠٠)پێنج هەزار دینار.
(٨٪)ئەوەی لە (٥٠٠٠)پێنج هەزار دینار پتر بێت تاکو دەکاتە(٧٠٠٠)حەوت هەزار دینار.
(١٠٪)ئەوەی لە (٧٠٠٠)حەوت هەزار دینار پتر بێت تاکو دەکاتە (١٠٠٠٠)دە هەزار دینار.
(١٥٪)ئەوەی لە (١٠٠٠٠)دە هەزار دینار پتر بێت تاکو دەکاتە (١٥٠٠٠)پازدە هەزار دینار.
(١٧٪) ئەوەی لە (١٥٠٠٠)پازدە هەزار دینار پتر بێت تاکو دەکاتە (٢٠٠٠٠)بیست هەزار دینار.
(٢٠٪) ئەوەی لە (٢٠٠٠٠)بیست هەزار دینار پتر بێت.

**ماددەی دووەم:**
کار بە حوکمی یاساکانی باجە بەرقەرارەکان دەکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا هاودژ نین.

**ماددەی سێیەم:**
وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست دەربهێنێ بۆ ئاسانکردنی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە.

**ماددەی چوارەم:**
لەسەر وەزیرە پەیوەندیدارەکانە کە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی پێنجەم:**
ئەم یاسایە لە ١/١/٢٠٠٠ـەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی ڕەسمیشدا بڵاودەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

هۆیە پێویستەکان:

بۆ سووک کردنی باج لەسەرشانی ئەوانەی کە موکەللەفن باج لەو داهاتە بدەن کە لە خانوو و بەرەوە دەستیان دەکەوێ، وە بۆ ئەوەی هان بدرێن بۆ وەبەرهێنانە تازەکان کە بگونجێ لەگەڵ ئەو ڕەوشە ئابووری و ئاوەدانکارییەی کە هەرێم پێیدا گوزەر دەکا، بەتایبەتی لەم قۆناغەدا، قۆناغی بونیاد نان و نۆژەن کردنەوەی کوردستانی خۆشەویستمان، وە بۆ پتەو کردنی پرنسیپی هاوکێشەکردن لەنێوان بەرژەوەندی گەنجینەو موکەللەفەکان، ئەم یاسایە درهێندرا.